# تێپەڕبوونی دووکەس بەناو یەکتریدا

غەمگین بۆڵی



**عەتری پێست**

ژوورەکەت پڕە لە مەرکانی ڕەنگاوڕەنگ
مەرکانەکان پڕن لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ
گوڵەکان جوانن
گوڵەکان پەڕۆکن
گوڵەکان بێ بۆنن
...
تکایە، عەترێک بکڕە بۆ گوڵەکانی کراسەکەت.
(عەترێک لە بۆنی پێستت)

کراسەکەت پڕە لە گوڵی سوور
کراسەکەت پڕە لە گوڵی سپی
گوڵەکان جوانن
گوڵەکان گوڵن
گوڵەکان عەترن
...
تکایە، گوڵێک بخەرە ناو شووشەی عەترەکەتەوە!
(عەترێک لە بۆنی کراسەکەت)

**تێپەڕبوونی دوو کەس بەناو یەکتریدا**

کەسێک بەناو تەڕایی برینەکانی مندا
تێپەڕی و
ئەڤینی خۆی لەناو ئارامگەی دڵمدا
ناشت و
ڕۆیشت.

من بەناو خەونە گەرمەکانی کەسێکدا
تێپەڕیم و
ئەڤینی خۆم وەک بزمارێک
بە دیواری دڵیدا
داکوتا و
ملپێچێکی شینم پێوە هەڵواسی و
ڕۆیشتم.

ئێستا دڵی دەرەوەمان ناسک بووە
ئێستا دڵی پیاسەکانمان تەنگ بووە
بە سڵاوکردنێکی خواریش
وردوخاش دەبین
وەک شووشە خۆمان بۆ خڕناکرێتەوە.

**بەناو ژیانی ڕەشی یەکتریدا تێپەڕین**

کەسێک بەناو ژیانی ڕەشی مندا
سپی سپی تێپەڕی و
ئەڤینی ڕەنگاڵەی منی نەدیت،
کە تۆ بوویت!

کەسێک بەناو ژیانی ڕەشی تۆدا
سپی سپی تێپەڕی و
ئەڤینی پڕ ڕەنگی تۆی نەدیت،
کە من بووم!

بەناو ژیانی سپی یەکتریدا
تێپەڕین و
ئەڤینی یەکتریمان بە ڕەشی بینی.

**کتێبی عەشق**

تۆ
کتێبێکی حەوت بەرگی
فاڵچییەکی پڕ لە ڕەنگی، ڕەنگێکی
بەرگی یەکەمت لەبەر ڕۆشنایی عەشق دەخوێنێتەوە
پەیڤەکانت بە سواری پشتی خەیاڵ و
خەیاڵەکانیش بۆ ئاسمانی کەللەسەرەکان ڕۆیشتن
ناوی تۆ
ناوی ئەڤینت
لە بەرگی حەوتەمەوە
کەوتە ناو دڵمەوە.

**دوو مەرکانی گوڵی تۆ**

من کە تۆم نەبێت و
بێ ئەڤینی تۆش تەنگ بە ژیانم هەڵبچنێت
مردنیش لەو جۆرە ژیانم دەترسێت
خۆکوشتنێکی گەشبینانەش...
لەبەر دوو مەرکانەکانت
نایەتە ژوورەکەتەوە
لە دەرەوەی منەوە،
دوو گوڵی ناو مەرکانەکانت دەستی مردنیان شکاندووم
لە ناوەوەی منیشەوە،
دوو گوڵی سپی ڕوواوی ئاوی پشتم
دوو گوڵی سووری ناو مەرکانەکانت
دەستی غیرەتیان گرتوومە.

بۆ دوو گوڵی ناو مەرکانەکانی تۆ
من حەوت ساڵە
بەو جۆرە دەژیم.

**پیاوێک لەتەک ژنێکی دووگیان**

بە عەشقەوە خۆت بژمێرە هەتا من
بە خۆتەوە عەشق بژمێرە هەتا من
لە مندا عەشق بژمێرە هەتا خۆت
لە مندا یەک یەک بژمێرە خۆت
هەتا خۆت بژمێرە
یەک
دوو
سێ.

**پەرداخێک تاریکی**

ژنێک:
دوێنێ دووجار سەیری سەیرکردنی منی کرد
ئەمڕۆ بەسەر دوو دەقیقەدا
دوو کاتژمێر گریانی لێبەربۆوە
سبەی بەسەر دوو ترپەی دڵیدا
بە دوو گوللە گۆڕرا.

پیاوێک:
دوێنێ نیگا چاوی ژنەکەی پڕ کرد لە خۆڵ
ئەمڕۆ وەک پیاوێکی سپی دڵڕەش
سبەی دەچێتە ناو دڵێکی کونکونی ئاسن.

من:

دوێنێ ژنێکم بینی
نیگای پڕ لە ئومێدی خەوتوو
ئەمڕۆ بۆ کوژرانی ژنێک
بە قەت کۆترێکی باڵکراو غەمگینم
سبەی پەرداخێک تاریکیی ئەڤین
بەبۆنەی ئەو کراسە بە خوێنەوە دەخۆمەوە.

**پێنج چرکە جارێک**

بە پێی ڕاپۆرتە زانستییەکان
لە هەر پێنج چرکەیەک
لە دنیادا
کەسێک خۆی دەکوژێت،
بەڵام بێ ئەڤینی تۆ
هەر پێنج چرکە جارێک
خۆکوشتنێکی منە.

ژنێک حەز ناکات جارێ بمرم
ژنێک گۆرانیم بۆ دەڵێت
گۆرانییەک قسە لەگەڵ دڵم دەکات
ژیانێکی سپی لە دڵمدا سەوز دەکات
من ماڵم پڕ دەبێت
لەو ژنەی ڕووباری پرچی دەڕژێتە سینگمەوە
من شیعرم پڕ دەبێت
لەو بەردەی کە بەکەڵکی سەرشکان نایەت.

گۆرانییەکی شین
لە دەمی ژنێکدا دەبێتە کۆترێکی سپی
گۆرانییەکی شین
نەشتەرگەریی دڵفراوانی بۆ شەڕانگێزییەکانی من
دەکات
من پڕ دەبم لە شیعر
شیعرم پڕ دەبێت لە بەردی دڵگەورە
شیعرم پڕ دەبێت لە بەردی دڵنەرم
شیعرم پڕ دەبێت لەو بەردانەی بە کەڵکی هاوێشتن
نایەن.

لە ماڵەکەی مندا
ژنێکی کراس سوور هەیە
خەونێکی سپی هەیە
گۆرانییەکی شین دەڵێت
ژنێک هەمیشە ئەو گۆرانییەم بۆ دەڵێتەوە
کە پەیڤەکانی پێوەندی بە دڵمەوە هەیە
کە هەستەکانی قسە لەگەڵ برینەکانم دەکەن
ژنێک ژوورەکەمی کردووە بە نیشتمان
ژنێک کتێبێکی بۆ کڕیوم
ژنێک کراسێکی سپی بۆ کڕیوم
ژنێک جووتێک پێڵاوی ڕەشی بۆ کڕیوم
ژنێک حەزناکات جارێ بمرم.